تۆمەتباری یەکەم لەم تاوانەدا کۆمەڵە مەلا و بانگخوازێکی دین لاوازن کە بەدوای ناوبانگ و پارەو شەهوەتی خۆیانەوەن و دەستبەرداری هەموو ثوابت و ڕەوشت و ئاکارێکی ئیسلامەتی و کوردەوایش بوونە.

هەروەها لەم دواییانەدا بەداخەوە چەندین لایەنی تر لەو پرۆسە گوماناویەدا بەشدارن و هاتوونەتە سەرخەت بۆ تەشەنە پێکردنی مەسەلەی مسیار کە لە ڕاستیدا هەر ناوی مسیارە ئەگینا موتعەیەکی ڕاشکاوانەیە، لە دیارترینیان هەندێك لە کۆمپانیاکانی حەج و عومرەیە، ڕاستە کەمینەن وزۆربەی کۆمپانیاکان خەڵکی دینار و باشن، بەڵام لەبەر هەستیاری ئەو کارە قێزەونەی ئەنجامی دەدەن لە بازرگانی ئافرەتدا بەبەهانەی زەواجی مسیارەوە وا پێویست دەکات هەموو موسوڵمانێکی خەمخۆری دینەکەی هەڵوێستی هەبێت و بەرانبەری ئەوانە و مەلاو بانگخواز و ئەو مسیارچییانەی لە کوردستان سەریان هەڵداوە بوەستێتەوە، چونکە ئەو کارە ئەگەر لە بنچینەشدا وبەمەرجەکانی خۆی هەندێ لە زانایان ڕێگەیان داوە، بەڵام بەڕاستی لە ئێستادا لە کوردستان بە ئاقارێکی ناشەرعی و ناشیریندا براوە، کە ئافرەتان بەتایبەت و کۆمەڵگای کوردی بەگشتی باجەکەی دەدەن.

**ژن و پیاوەکە بە شێوەیەك موافیقی شەرع بوو ودیار بوو کە ئامانجی شەرعی و سوکنایی خێزانی تێدایە و مەرجەکانیشی هەر هەمووی تێدا بوو، ئەوە دەکرێت بوترێت درووستە و بۆ هەردوو لا کارێکی ڕێگەپێدراوو بە سوودە، بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا وەکو وتم بەئاقاریکی زۆر نارێك و ناشەرعیدا براوە بۆیە حەرامکردنی لە ڕوحی شەرعەوە نزیکترە تاکو ڕێگەپێدانی، چونکە مەرجەکان و ئامانجەکانی زەواجی شەرعی تێدا وەدی ناکرێت.**

**ئەوەی لە زەواجی مسیاردا لە کوردستان تێبینی دەکرێت پرۆسەیەکە زیاتر بۆ تێرکردنی ئارەزوو وحەزێکی کاتییە وهاوشێوەی زەواجی موتعەی شیعەکانیش بە پارەیەکی کەم و بە زەواجێکی کاتی، بەڵکو زۆریش کاتی.**

**ئەو دوو لایەنەی ئەزموونی لەو جۆرەیان و بناسرێن ئەو زەواجە دەکەن دەبینی زۆر بە ئاسانی وبەئاسایی جیادەبنەوەو ولە شوێنێکی تر دووبارەی دەکەنەوە وبەمەش لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا فەسادێکی دەماکداری بەربڵاو لە کورستاندا تەشەنە دەکات، ئەوە هەمان ئەو زەواجەیە کە سیغەو موتعەی پێ دەوترێت بەڵام پۆشاکێکی شەرعی ساختەی لەبەر کراوە.**

